# فەتوای مەلایەك ئەمەی پێ نووسیم!

**خەندە جەمال رەئووف**



لەشاری کەرکوك سەعات 9 ی شەو بوو کە لەماڵی ناسیاوێکم دانیشتبووم، لەناکاو دەنگو گرمەی تەقینەوەیەکی بەهێز زنجیرەی قسەکانمانی بڕیو وتمان خوا بەخێری بگێڕێو ئەم تەقینەوەیەیان لەکوێ بێت؟ بەڵکو ئەمە خوایە ژیانی مرۆڤی پێوەنەبوبێتو خەونێکی تری تیرۆریستان پووچەڵ بووبێتەوە. کەمێکی پێچوو دەنگو هەرای ئیسعافو ئوتومبێلی پۆلیسو ئاسایشیش هاتنە بەر گوێمان.. دەبێت چی تر لەم ساتانە ناخۆشتر بن؟!!..

بەڵام "ئەوی" بەرامبەرم لەو دانیشتنەماندا پەتی ئەم بیرکردنەوەیەو خەمی ئەم تەقینەوەیەی پێ پساندینو بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: دەزانن دوێنی (مەلا.س) لەخوتبەی هەینیدا فەتوای چی دا؟ وتی پیاوان بۆیان حەڵاڵە تا چوار ژن بهێنن.. وتم چی؟ ئەم فەتوایە لەپای چی؟ وتی: مەلا وتویەتی بەهۆی تەقینەوەو کاری تیرۆریستیو سەفەرکردنی گەنجانی کەرکوك بۆ هەندەران خەریکە ژمارەی کوڕانو پیاوان کەمدەبێتەوە، بەکورتیەکەی ( پیاو کەمەو ژن زۆر ) لەبەرئەوە چوار ژن دەتوانن ببنە هاوسەری یەك پیاو لەیەك کاتدا... گەرچی دەنگو خەمی تەقینەوەکە واق وڕماوی کردبوین، بەڵام بەم فەتوا سەمەرەیە زۆر پێکەنین.. بەس کار وابڕوات منیش دەڵێم قەیچێکە با چوار ژن ببنە هاوسەری یەك پیاو، با گەنجان زنجیرەی تەقینەوەکان جێ بهێڵنو کۆچ بەرەو هەندەران بکەن!... ئەو شارە کوردییە نازدارەی کەبەهۆی ئەو رەوشە خراپەوە لەخەڵکی ئەسڵی شارەکەش حەرام بووە کاتێ کە بەسەر شەقامەکانیدا دەڕۆیت دڵت پڕ گریان دەبێ بۆی، کاتێ دەبینی هەموو بڕیارەکانو خزمەت کردنو کارەکان بۆی، لەسەر پشتی کیسەڵ دڕۆنە پێشەوە دەستی دەرەکیو ناحەزانیش ئەوەندەی تر کارەکان هێواشتر دەکەنەوە... ئیدی هەناسەت سوار دەبێت بۆ خەمەکانی ئەو خاکە...

بۆیە چاکتر وایە دەسەڵاتو بڕیاردەرانی مادەی 140ی هێورکردنەوەی شاری کەرکوك بەگوڕترو جدییانە تر ئەو مەسەلەیە ببەنەپێشەوەو چیدی قبوڵ نەکەن ناحەزان دەستی دەستیان پێ بکەنو بەبڕوبیانوی جیاوازو کۆبوونەوەو دانیشتنی بێ ئەنجامەوە کات بکوژن، چونکە کات وەك شمشێرە نەیبڕین دەمانبڕێت، چاکتریشە عەرەبو تورکمانە ئازادیخوازو هێورخوازەکانیش زیاتر پاڵپشتی لەچەسپاندنو بەعەمەلی کردنی مادەی 140 بکەن بۆئەوەی نەشیش بسوتێتو نەکەباب، هەروەها پێویستە (پلانی ئەمنی شاری بەغدا)ش تاڕادەیەك لەکەرکوك جێبەجێ بکرێت بەتایبەتی لەم کاتو بارە ناسکەدا کەوا هەوڵ دەدرێت بۆ زامنکردنی ئەو بڕگەو مادانەی لەبەرژەوەندی دانیشتوانی ئەو شارەدایەو رێگە نەدرێت لەملاولەولاوە کەسانی گومانلێکراو دزە بکەنە ناو شاری کەرکوکەوەو بۆئەوەی پلانە تیرۆریستییەکانیان سەر نەگرێت، تەنها لەبەرئەوەش ناڵێم کەمنی ژن خەمی فەتوای حەڵاڵ کردنی 4ژن بۆ یەك پیاو بێزاری کردبم، بەڵکو

سەرەکیترین خەمی هەموومان بەرە پێشبردن‌و دەستوبردکردنە لەجێبەجێکردنی مادەی 140و ئەوانەیشی دەیانەوێت پاشقول بگرن‌و سستی بخەنە رێی بەئاکام گەیشتنی ئەو مەسەلەیەوە, رووڕەشی مێژوویان بۆ بمێنێتەوە.

ئەوساکەش لەدوای بەرقەراربوونی یاساو ئازادبوونی هەموو توێژەکانی ئەو شارە لەزوڵم‌و ستەمی تەماعکاران‌و تیرۆریستان، فەتوای کوێت‌و بەندکردن‌و لەقاڵبدانی ماف‌و خواستی ئینسانەکان بەگشتی‌و ژنانیش بەتایبەتی کاڵ دەبێتەوەو ئیدی بەبیانوی کەم بوونەوەی پیاوانەوە هەمدیسان ئاگری دووبەرەکی‌و شەڕی خێزانیش ناکەوێتە نێوان ماڵەکانەوە.